# کورد و خییانەت
# دووانەیەکی لێکدانەبڕاو

**مەجید دڵنیا**

دیرۆکی کورد تژییە لە کاری خییانەت.زۆر لە کەڵە پیاوەکانی کورد لە رۆژگارەکانی مێژووی خەبات و بەرخۆداندا،بە خەنجەری ژەهراوی غەدرو خیانەت لە خوێنی خۆیاندا گەوزێنراوون.لە مێژوودا،شێخ مەحمودی نەمرو سمایل ئاغای شوکاک و لە دەورانی هەرە نزیکیشدا،کەسێکی وەک حەمە غەفوور ئاغجەلەری و پیاوەکەی گەرمەسێر مامەڕیشە دیارترین نموونەن.

دیارە لەم کورتە باسەدا،پەل بۆ تەواوی لق و پۆپەکانی خیانەت نابەم و ناچمە سەر مێژووی پەلکێشکردنی داگیرکردنی کوردستان لە لایەن حیزبەکانی دەسەڵاتدارەوە،کە ئەوانەش بە دڵنیاییەوە بە خیانەتی نەتەوەیی چاولێدەکرێن.تەنیا جۆری ئەو خیانەتەی لێرەدا،من مەبەستمە ئەوەیە کە دوژمنان هەمیشە لە ڕێگەی بەکرێگرتنی هاوولاتییانی میللەتی کوردەوە ،چ لە ناو ڕیزە بێشوومارەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا یا لە تاک تاکی ڕیزەکانی شۆڕشدا،ئەنجامیان داوەو بە بەردەوامی هەوڵیان داوە لەو ڕێگەیەوە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردیان سەرکوت و لەکەدار کردووە. ئەو سیستەمە لە ناو کورددا بە سیستەمی جاشایەتی یان دژەگەل ناسراوە.کە هەمیشە بە قەولی دوژمنان گورگی ڕەش و سپیان کردووە بەگژ یەکتردا.جا کورد وتەنی چ با بووبێ و چ باران هەر لە بەفر کەمبۆتەوە.ئەم جاشایەتییە هەندێ جار لە بەر پارەی باش ولوقمەی چەورو ئیسراحەتدا،بەرامبەر بە خیانەتی باش و تاوانی گەورەتردا،بە جاشایەتی وپاشایەتی ناسراوە..ئەمە باشترین هۆیەک بووە ،کە دوژمنان بە بەردەوامی و بەئاسانی دەستیان بۆ بردووە ،هەموو شێوازێکیشیان پەیڕەوکردووە تاکی کوردیان بە هەر هۆیەک بووبێت ناچارکردووە تا بچێتە ژێربارییان.ئەم تێزە لە زهنی زۆرێکدا ڕەنگی خراپی خۆی ڕشتووە،بۆیە لە هەموو ساتێکدا خیانەت لە گەل ونەتەوە لای تاکی کورد ئامادەگی خۆی هەیە.

بەهۆی نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ،لە دەورانێکی نزیکدا،کە هەموو ناوچەکانی بە کوردستان ناسراوە لە خۆ بگرێ.بۆیە کورد هەمیشە کراوەتە سووری بەر لەشکری داگیرکەران وسەری ڕمی دەستی دوژمنان.هەمیشە لە بەرامبەر نانێکی چەورو ئافەرینێکی سەرشۆڕانەدا،ئامادەبووە سەری براو هاوزمانەکانی خۆی پێشکەش بە دیوەخانی سوڵتانەکان بکات.ئەوە جگە لەوەی هەمیشە ئەوەی لەبیر براوەتەوە کە خۆی وەک نەتەوە وەک مرۆڤ خاوەنی کێشەیە،نەک هەر ئەوە بگرە بەردەوام بە کێشەی خەلکیترەوە سەرقاڵ کراوە، هەمیشەش خۆی لە ئاستی دوژمناندا زۆر پێ بچوک بووە.

ئەم حاڵەتی کرێگرتەییەو سووری بەرلەشکرییەی کورد بۆ داگیرکەرانی و داوتریش لێنەپرسینەوەی ئەو کەسانەی بە کاری خیانەت و خۆفرۆشی هەڵدەستان ،وایکردووە کە تاکی کورد لە بەرامبەر بڕێک پارەو دەست لە پشتدانێکدا،زۆر بە سادەیی و ئاسانی بتوانێ بیر لە خیانەت و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ دوژمناندا بکاتەوە.چونکە هیچ کات لەوە نەترساوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت و سزای خیانەتەکەی وەربگرێت.دەتوانم بڵێم یەکێک لەو هۆیانە ڕەنگە ئەوە بێت،چونکە هەمیشە سەرەنجامی شۆڕش وڕاپەڕینەکانی کورد مەحکوم بووە بە شکست وشەلالی خوێن کراوە ولە قازانجی دوژمنان و بەرەی دژەگەل تەواو بووە،ئەو کاتەش خۆفرۆشان و ئەنتی گەل مێدالیای خۆفرۆشی و کرێگرتەییان کراوە بەقەد

دا.هۆیەکیتر ڕەنگە ڕێخۆشکەر بووبێت ئەوەیە کە تاکێکی کورد کاتێک بینیویەتی حیزبێک بە ناوی کوردایەتییەوە بۆ بەرژەوەندی حیزبەکەی دەستی داگیرکەرانی گرتووەو بووەتە جاشی بەر لەشکری دوژمنان،کورد وتەنی گەورە ئاو دەڕشێنێ و گچکە پێی تێدەخشێنێ.

ئەوەی زیاتر هانیدام بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە،ئەوە بوو لەم ڕۆژانەدا،قسەوباسی دووبارە سەرهەڵدانەوەی جاشایەتی وخۆ ناونووسکردنەوەی کۆنە موستەشارو ئامر مەفرەزە تایبەتەکانی سەردەمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ،هاتۆتەوە بەرباس و بووەتە بەشێک لە پرسی ڕاگەیاندنەکان.کە بۆ خۆی جۆرێک لە دوودڵی  لای دەسەلاتدارانی کوردو مەترسی لای خەڵکیش درووستکردووە.ئەمەش لەکاتێکدایە کە کورد لەو حکومەتەدا ڕۆڵێکی ئەکتیڤیشی هەیە.

هۆشیمنە سەرکردەی کاریزمی شۆڕشی گەلی ڤێتنام،لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشدا،کە چۆکی بە هێزەکانی ئەمێرکا دادا،وەک سەرکردەو ڕێبەری دڵسۆزی گەل ،هات ئەوانەی خیانەتیان لە گەل کردبوو بەوەی دەستیان

لەگەڵ  هیزەکانی ئەمێرکا تێکەڵکردبوو،بە سزای گەل و شۆڕشی گەیاندن،یا ئەوانەی بوونە پیاوی ئەمێرکاو بەرەو وڵاتی ئەوان هەڵهاتن تا ئێستاش ڤیزەی گەڕانەوەیان نادرێتێ.

سەرکردایەتی کورد بە پێچەوانەی هۆشیمنە،هات لە بەرەی کوردستانی ئەوساوە بڕیاری لێبووردنی بۆ تەواوی

موستەشارو ئامر مەفرەزە تایبەتەکان وبەکرێگیراوەکانیتری بەعس دەرکرد.بەڵام دواتر سەرەنجامی پەرەگرتنی گرژی وئاڵۆزی نێوان پارتی و یەکێتی،کەوتنە پێشبڕکێی ئەوەی کێ بتوانێ زۆرترین کەس ،خێڵ،عەشیرەت،پیاوکوژ،کوردکوژ وخیانەتکار  بگرێتە خۆ.بەحوکمی ئەوەی ماوەیەکی زۆر یەکێتی لە هەرێمەکەدا،چالاکی هەبوو،بۆیە زۆربەی موستەشارو جاشپیاوەکانی بەعس ،زیاتر دژەکردەوەو تاوانییان بەرامبەر بە گەل و یەکێتی کردبوو.هەر بۆیە یەکێتی داخ لەدڵ بوو بۆ تۆڵەکردنەوە لە وانەی دەگەیان لە یەکێتی دابوو.

بەرەنجامی ئاشکرابوونی ئەم نییەتەی یەکێتی،دواتر بە زیان بەسەر خودی یەکێتیدا شکایەوە،بەوەی کە پارتی باوەشی بۆ کردنەوە ،بۆیە بەشی شێری موستەشارو جاشپیاوەکانی دوێنێ چوونە باوەشی پارتییەوە،گەرچی وەک دەوترا پێشتر ڕێککەوتن بووە لەسەر ئەوەی خەڵکانی تاوانبار کەس نەیانگرێتە خۆ!.

دواتر بۆ تەرازووی هێزو نیشاندانی عەنتەریبوونی ئەم بەسەر ئەویتردا بوو بە فڕکان فڕکانی داڵدەدانی پیاوە تاوانبارەکانی دوێنێ.لێرەوە مانای پیرۆزی پێشمەرگە لە چاوی خەڵک هاتە خوارێ و قودسیەتی وشەی پێشمەرگە شکا ومانایەک بۆ خەڵکی تێکۆشەرو شۆڕشگێڕ نەمایەوە.ئیتر ڕەش و سپی تێکەڵکرا.کوڕ ئەو کوڕە بوو

لە کۆنە پیاوانی بەعس دڵسۆزی خۆی بۆ حیزب دەربڕێ.نەک هەر ئەوە، بەڵکو دواتر ئەوانەی دوێنێ دەستییان   بە خوێنی خەڵکی بێتاوان وپێشمەرگە سووربوو، بوون بە هەڵۆو قارەمانی حیزبەکان.کارەسات ئا لەوێوە دەستپێدەکات کە، ئەو پیاوانەی دوێنێ  توانییان خیانەت لە میللەتەکەی خۆیان بکەن و گەورەتین تاوان بەرامبەر بە هاوزمان و هاوخوێنەکانی

خۆیان ئەنجام بدەن،دواتر هەر ئەوانە ببنە قارەمان و دەمسپی ودەمڕاست و بەڕیوەبەرو کاربەدەستی باڵای ئەو میللەتە.ئاخر دەسەلاتێک ،بەشێکی لە پیاوخراپ وخۆفرۆش پێکهاتبێت چۆن دەتوانێ خزمەتی خەڵک بکات؟

ئاخر چۆن گەندەڵ نابێت؟ گەر کەسێک بتوانێ شتی بچووک بدزێت،گەر بۆی هەڵکەوت،دەشتوانێ شتی گەورە بدزێت،هەر بەو پێودانگە،گەر مرۆڤێک توانی ویژدان و کەرامەتی خۆی ڕۆژێک لە ڕۆژان بفرۆشێت و ببێتە نۆکەری داگیرکەران و نووسەرێکیش بتوانێت قەڵەمەکەی تەرخان کا بۆ بەژن و باڵای سەرکردەکانی دوژمنان،خەڵکانی وا چاوەڕوانی چی لێدەکەیت؟

ئەوانە هەردەم ئامادەن بۆ دەیان جاریترش دەستبەرنەوە بۆ کاری خیانەت و گەل فرۆشتن.
ئەمە ئەو مەهزەلەیەیە کە ئێستا لە باشووری کوردستاندا،بەبێئەوەی بچوکترین حیساب بۆ قوربانییەکانی دوێنێ بکرێ برەوی بەرچاوی هەیە،ئێستا زۆرێک لە گەلفرۆشان و سیخوڕەکانی دوێنێ سەرو سیمای حیزب و حکومەتن.
سەرکردایەتی کورد لەم بەشەی کوردستاندا، ئەوانەی تاوانییان دەرهەق بە خەڵکی سڤیل کردبوو یا بە واتایەتر ئەوانەی لەو تاوانە گەورانەی بەسەر ئەم میللەتەدا هات بە شدارییان کرد،نەک موحاکەمە نەکران و لەسەر هیچ تاوانێک لێپێچینەویان لەگەڵ نەکرا،بەڵکو ئەوانەی دوێنێ کەللە سەری شوان و پێشمەرگەی بۆ بەعس بەدیاری دەبرد،ئەوانەی بە سەدان و بگرە هەزاران بێتاوانییان لە شاڵاوەکانی بەدناوی ئەنفالدا،دەستبگیرکرد،باشترین پاداشتییان بەوە دانەوە کە دیوەخانانەیان بۆ برِینەوەو دڵخۆشیان دانەوە،لە شوێنە بەرزەکانی حیزب و حکومەتدا جێگەیان بۆ تەرخانکردن،بە چەقەنەیەک کوڕەکانییان کران بە ئەندام پەرلەمان و قائیمەقام وبوونە پیاوماقوڵ ،بۆ سەلامەتی گیانی هەندێکیشیان ڕەوانەی هەندەران کران.
لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە باسێکی تر کەوتە ناو ناوانەوە،ئەویش باسی فایلدارەکان بوو.فایلدارەکان ئەو بەناو کەڵە تێکۆشەرو گیان لەسەردەستانە بوو ،کە خەڵکی ڕەش وڕووتی کوردستان سوێندیان بە سەریان دەخوارد.ئەوەش لەوەوە هات کە فایلی ئەو ئەندامانەی سەرەوەی شۆڕشی کوردایەتی کەوتە دەست ئەمێرکاییەکان و ئەوانیش تەسلیم بە سەرکردایەتی یەکێتی و پارتیان کرد و ئەوانیان لەو کارە ئاگادار کردوەوە.
بەبڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە و ناوی ئەو سکانداڵانەی سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی،زۆرێک لە خەڵکی کوردستان تووشی شۆک بوون.
ئەم جۆرە لە خیانەت دەکرێ بە ترسناکترین جۆر حیسابی بۆ بکرێت.چونکە ئەوانە لەناو جەرگەی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەستیان بە تەواوی زانیارییەکان گەیشتووەو داویانەتە بەعس.ئاشکرابوونی نامە دڵدارییەکانی هەندێک لەو کەڵە شۆڕشگێرانەی دوێنێ و کەڵە سیخوڕانەی ئەمڕۆ،بەڕوونی دەرکەوتووە.نەک هەر ئەوە ،بەڵکو دەشێ چەندین خەڵکی شۆڕشگێڕو شانەو خەتی شارەکان بە زانیارییەکانی ئەمانە کەشفبووبن ولە سێدارە درابن.ئەم جۆرە لە خیانەت لە هەموو شۆڕشێکدا واردە،بەڵام بەو ڕێژە زۆرەو لەو ئاستە بڵندەشدا
مەگەر ئەوە تەنیا لە ئاستی سەرانی یەکێتی و پارتیدا ڕوویدا بێت.لێرەدا هەقمانە بپرسین ،بە ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئەو هەموو پیاوە بەشان و شەوکەتانەی سەرکردایەتی کورد پیاوو سیخوڕی بەعس دەرچوون.ئەی سبەی گەر ڕژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران و شۆفێنیستی بەعسی سووری و مەلەفە شاراوەکانی ژیتەم ومیتی توورک ئاشکرابن،ئەبێ چەند کەس لە سەرکردایەتی کورد بە سەلامەت دەرچن؟
سەرکردایەتی کورد لە ئاست ئەم مەسەلە ترسناکەشدا،هیچ هەڵوێستێکی جیدی لە خۆی نیشان نەدا،بگرە وەک زۆر شتیتر دیزە بە دەرخۆنە کرا!
هەندێکی کەم لە وانەی ناوەکانییان دەرکەوت. ماوەیەک دوورخرانەوە،دواتر سەروشکڵە قێزەونەکانیان هێنرانەوە بەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و بە قسە پڕ بریق وباقەکانیان،کەوتنەوە فریودانی خەڵک و بوونەوە ئەندازیاری چارەسەری کێشەی خەڵک و کوردستان!
دەمێکە لە باشووری کوردستان قسەیەک بۆتە باو،بەوەی هەر کەسێک فایلی کەشف بێت و چەندیش فایلەکەی قەبە بێت،ئەوەندەیتر پلەی باشتری پێدەدرێت!بۆیە سەیر نییە،کاک نەبەز گۆران لە سەرەنجامی بڵاکردنەوەی فایلی قەڵەمەکانی بەعسدا،دەڵێ:
کاک ئەحمەد عەنایەتی لە تەلەفۆنێکدا پێیوتم(من بەعسی بووم و لەهیچ وتارێکی خۆشم پەشییمان نیم و دەستخۆشیت لێدەکەم گەر لە کتێبێکدا سەرجەم ئەو پۆستانەی هەمبووە لە بەعسدا بییاننووسیت لەگەڵ ئەو دیارییانەی صدام پێیداوم گەر وابکەیت دڵنیابە دەبمە وەزیر)1

ئەم حکومەت و پەرلەمانەی ئێتسای حیزبەکان پێکیانهێناوە چونکە بەرەنجامی قۆناغێکی تەندرووست و نۆرماڵ نییە ،بۆیە هەرچیەک دەکەن ناتوانن کاری تەواو تەندرووست ئەنجام بدەن.هەر بۆیەش ئەم حیزب و حکومەتە هەرگیز ئامادە نەبووەو نییە گوێ لەکەس بگرن.ئەو هەموو ئیمزایەی دژ بە جاشقەڵەمێکی وەک شێرزاد عبدالرحمان کۆکرایەوە باشترین نموونەیە،چ کارێکی کرد؟

لە بەرەنجامی ئەو هەموو نادادپەروەری وناهەقییەی ڕۆژانە خەڵکی ڕەش وڕووتی کورد بە چاوی خۆی دەیبینێ،خەڵک مافی خۆیەتی لەم دەسەڵاتە نائومێد بێت و نە پەرلەمان ونە حکومەتیش بەهی خۆی نەزانێ!

حکومەتێک هەتا بتوانێ گوێ بۆ کەس شل نەکا وخەڵکانی فایلدارو کۆنە سیخوڕو پیاوانی بەعس لێپرسراوو سەرلەشکرو دەمسپییان بن،بەدڵنیاییەوە حکومەتی خەڵک نییە!

حکومەت و حیزبێک لە سەر کێشمەکێشمی ناشەریفانەی حیزبی ئامادەنەبێت،لە ئەندام وکەسەکانی خۆی لە سەر

سیخوڕی وبەکرێگیراوێتی بۆ ئەملاوئەولا وگەندەڵی و دزی ،کە ئەمانیش دەچنە خانەی خیانەتی نەتەوەییەوە

نەپرسێتەوە،ئەوە ئەو حوکمە سەرەنجام بەرەو هەڵدێر دەڕواو لە هەر کارەساتێکیش بەرپرسیارە!

لەم ڕوانگەیەوە حکومەت و حیزبە دەسەڵاتدارەکان تاوانبارن وکارئاسانی دەکەن بۆ ئەوەی تاکی کورد ،نەک تەنیا لە ئاستی خوارەوە،بەڵکو لە ئاستی سەروەش،زۆر بە سادەیی و ئاسانی بتوانێ خیانەت بکاو دەست لەگەڵ دوژمنانی کورددا تێکەڵ بکات.لێرەوە سەیر نییە گوێبیستی هەندی لێدوانی سەیردەبین و هەندێ بابەتی سەیر دەخوێنینەوە تەواو پێچەوانەی خواست وئاسۆو ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانەو بە قازانجی دوژمنانە.

خەڵک چۆن نابێتە داردەست و سیخوڕو بەکرێگیراوی دوژمنان،لە کاتێکدا سوور دەزانێ کەس نییە لێپرسینەوەی

لەگەڵدا بکات و سزای بدات.

بۆیە زۆر ئاساییە کە بۆ قەرەبووکردنەوەی (کیانات منحله)لەلایەن حکومەتەکەی مالکییەوە،خەڵکی لە شوێنێکی

وەک شاری موصلدا سەرەبگرن بۆ خۆ ناونووسکردن و دووبارە زیندووکردنەوەی سیستمی جاشایەتی لە کوردستاندا.2

لە ئێستادا گەر حکومەتی باشووری کوردستان،دەیەوێ لایەنی کەم ڕووی خۆی کەمێک سپی بکاتەوە و ئاوێک بە گڕی دڵی هەزاران دایک وخوشکی جەرگ سووتاوا بکات،دەبێت هاوکار بێت بۆ بەدادگایی گەیاندنی بەشێک لەو تاوانبارانەی تاوانییان دەرهەق خەڵکی سڤیل کردوە یا لە شاڵاوەکانی بەدناوی ئەنفالدا،تاڵانچی و سووری بەرلەشکربوون.تا لێرەوە ئەمە سەرەتایەک بێت بۆ تاکی کورد تا لە خیانەت و کاری دەست تێکەڵکردن و سیخوڕی بۆ داگیرکەرانی کوردستان هەر هیچ نەبێت کەمێک سڵ بکاتەوە.

ژێدەر

1-ڕۆژنامەی هەولێر پۆست،ژمارە76

2-ڕۆژنامەی میدیا،ژمارە 255